## دەربارەی
# ئیسلامی سیاسی لە کوردستان

**ئیسماعیل ئیبراهیم ڕواندزی**

لەم نووسینەدا هەوڵدەدەم پەیدابوونی ئیسلامی سیاسی لە کوردستان بکەمە بنەمایەک بۆ ڕۆشنکردنەوە و کردنەوەی گرێیە فیکری و سیاسیەکانی ئەم ڕەوتە لە کوردستان و ناوچەکە. ئەمڕۆ لە هەموو کات زیاتر ئیسلامی سیاسی، وەک دیاریدەیەکی سیاسی ـ کۆمەڵایەتی لە پێناو ئینتگرێیشن (integration) و گرێدانی لە گەڵ ژیانی سیاسی کوردستان، بۆتە زەرورەتێک. پرۆسەی سیاسی ئەمڕۆی کوردستان لە دووریانێکی چارەنووسسازدایە: ئایا دەبێ تەنها لە رووی ئەمنیەوە سەیری ئیسلامی سیاسی بکەین؟ بەو مانایەی، وەک مەترسیەکی گەورە لەسەر ئازادی و دیموکراسی، پێویستە بەگژی دابچین، یاخود دەکرێ ئەم دیاریدە و ڕەوتە نامۆیە وەک ڕەوتێکی سیاسی تێکەڵ و بەشداری پرۆسەی گەشەی دیموکراسی کوردستانی بکەین؟

پێموایە لە داهاتوویەکی نزیک گرێدان وتێکەڵکردنی ڕەوتی ئیسلامی لەگەڵ ژیانی سیاسی کوردستان،بە تایبەتیش پاش گەشە و بەدەستەوەگرتنی دەسەڵات لە لایەن ئەم ڕەوتەوە لە ناوەراست و باشوری ئێراق، گەورەترین جەدەلی فیکری و سیاسی و ئەمنی لە گۆڕەپانی کوردستان دەنێتەوە. ڕاستە ئیسلامی سیاسی لە کوردستان بەردەوام، لە سەرەتای نەوەدەکانی سەدەی رابردوو، کێشە و سەرئێشە بووە، بەڵام گۆڕانی دراماتیکانەی هاوسەنگی هێزەکان بە قازانج ئەم ڕەوتە لە گۆڕەپانی سیاسی ئێراقدا، پێویستی و گرنگی خوێندنەوەیەکی نوێ بۆئەم ڕەوتە دەخوازێ، بەجۆرێک یارمەتیدەر بێت لە ڕووی چۆنیەتی هەڵسوکەوتکردن لەگەڵ ئەم ڕەوتە بە لەبەرچاوگرتنی ئاڵوگۆڕەکان لە لایەک و، مەسەلەی بەشداری پرۆسەی سیاسی ئیسلامییەکان لە چواچێوەی تێگەیشتنێکی

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

گشتی تر بێت بۆ ئەو مەترسیە ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتی و سیاسیانەی پەیوەستن بەم ڕەوتە لە لایەکی تر.

ڕەوتە ئیسلامییەکان لە ڕێگای باسکردنی تایبەتمەندی خیتابی ئیسلامی و کۆمەڵگا ئیسلامییەکان، وە سەرکەوتوویی سیستەمی شورای ئیسلامی بەسەر سیستەمی دیموکراسی، دەیانەوێ خۆیان بە ڕەوتێکی دەگمەن و لەسەرو مێژوو بناسێنن، وەک بڵێی ئەوان لە دەرەوەی ئاڵوگۆڕە کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابووری و مێژووییەکانن و بەرنامەکانیان پەیوەست نینە بە کات و کۆمەڵگایەکی دیاریکراو. واتە خۆیان لەدەرەوەی چوارچێوەی زانست و دیاریدە مرۆڤایەتیەکان دەبینن. ڕاستیەکەی کاتێک ڕەوتە ئیسلامییەکان مێژوو و میراتی ڕۆشنبیری "ئوممەتی ئیسلام" دەگمەن ولە دەرەوەی ڕێرەوی مێژووی مرۆڤایەتی سەیردەکەن، ئەوا هەوڵی ناساندنی خۆیان دەدەن وەک بزوتنەویەکی "فریشتەیی" بێ هەڵە. بەمەش دەیانەوێ کەسان و بەرەی بەرامبەر و جیاواز و ئۆپۆزیسیۆن بە خۆیان وا پیشان بدەن کە دژ بە ئیسلامن نەک دژ بە لێکدانەوەیەکی سیاسی تایبەت لە ئیسلام .

ڕاستە هیچ کاتێک ڕێزگرتن لە دیموکراسی و مافی مرۆڤ لە ئەجندە و بەرنامەی بزووتنەوە ئیسلامییەکاندا نەبووە، مێژوویان لەو وڵاتانەی (ئەفغانستان و ئێران و سودان و ...هتد ) کە دەسەڵاتیان بەدەستەوە بووە نمونەی نەبوونی دیموکراسی و پێشێلکاری ئازادیە تاکەکەسی و گشتیەکان بووە، بەڵام ئاڵوگۆڕەکان و جیهانی دوای 11 سێپتێمبەر ڕەوتە ئیسلامییەکانی خستۆتە بەردەم واقعێکی ترەوە. ئیسلامی سیاسی کە خاوەنی باوەری شمولیە و پێیوایە باوەرهێنان بە دەقە ئایینی و ئایدۆلۆژیەکان، بێ گوێدانە زانست، هونەر، دیموکراسی، ڕکانبرکێ و ئازادیەکان، ئیتر ئیمکانی رابەرایەتی "ئوممەتی ئیسلام"ی بۆ ریفۆرم و عەدالەت و سەرکەوتن دەداتێ، ناتوانێ چیتر چاوپۆشێ بکا لە پێویستی ئاوردانەوە لە زمانی ژمارەکان و تێکەڵاوی ڕەخنەگرانە لە گەڵ دەوروبەرو جیهاندا. رەوتە ئیسلامییەکان لە داهاتوودا ناتوانن و نابێ لە پشت پەردەی پیرۆزیدان بە دەستەواژە سیاسیە نەگۆڕەکانیان خۆیان



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

تایبەتمەند و لەسەرووی ئەوانی تر ببینن. کاری سیاسی بۆ هەر ڕەوتێکی سیاسی کە هەولی گەیشتن بە دەسەڵات دەدا لە ڕێگەی ئامرازە دیموکراسیەکان، ناتوانێ پەیوەست بێت بە خیتابێکی نەگۆڕو چاوپۆشی بکا لە واقعە سیاسی و کۆمەڵایەتیە گۆراوەکان .

بێگومان هەرچی بڵێین وهەرچی بکەین هەمیشە پرسیارێک یەخەمان دەگرێ: ئایا ڕەوتە ئیسلامییەکان، بەهۆی سروشت و پێکهاتی دژە دیموکراسیانەیان، دەتوانن گەشە و کاردانەوەی پۆزەتیفانەیان هەبێ لە گەڵ پرۆسەی دیموکراسی؟ ئایا دەبێ گرەو بکەین لە سەر باوەڕهێنانی بزوتنەوە ئیسلامییەکان بە دیموکراسی؟

## پێشینەیەکی مێژوویی

ئیسلامی سیاسی ڕەوتێکی خاوەن ڕەگ و ڕیشەی مێژووییە لە وڵاتە عەرەبیەکان. دوای ڕووخانی ئیمبراتوریەتی خیلافەتی ئوسمانی، ئەم ڕەوتە وەک بزووتنەوەیەکی سیاسی خاوەن بەرنامە و ڕێکخستن لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەراست (بە تایبەتی لە وڵاتی میسر) قورسایی و چالاکیەکانی دەرکەوت. لە کۆتایی بیستەکانی سەدەی رابردوو لە وڵاتی میسر مامۆستایەکی گەنج بە ناوی "حەسەن ئەلبەنا" پارتێکی نوێی، لە سەر بنچینەی بیروباوەری ئیسلامی، بە ناوی "بزووتنەوەی برایانی موسوڵمان" پێکهێنا. مەبەست لە پێکهێنانی ئەم پارتە نوێیە بە گوێرەی تێگەیشتن و لێکدانەوەی ڕابەری ئەم بزووتنەوەیە "حەسەن ئەلبەنا" وڵامدانەوە بوو بۆ:

یەکەم: لێکهەڵوەشانەوەی "ڕێزی یەکگرتوویی موسلمانان" بەهۆی ڕووخانی ئیمبراتۆریەتی خیلافەتی ئوسمانی .

دووەم : گەشەی بەرینی بزووتنەوەی سیکولاریستی لە "وڵاتە ئیسلامییەکان" لە ژێر کاریگەری سەرکەوتنی شۆرشی کۆمۆنیستەکان لە رووسیا لە لایەک و بوونی کۆلۆنیالە ئەورووپیەکان لە ناوچەکەدا لە لایەکی تر .



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

لەو سەردەمەدا "حەسەن ئەلبەنا" پێی وابوو "کۆمەڵگای ئیسلامی" تووشی کارەساتێکی گەورە و لێکهەڵوەشانەوە بووە، هۆی ئەمەشی دەگەڕاندەوە بۆ نەمانی "ئیسلامی راستەقینە" و "موسلمانی ڕاستەقینە". پێویستی پێکهێنانی پارتی "برایانی موسلمان" لە تێگەیشتنی ئەودا وەکو سەرەتای دەست بەکاربوون بۆ بنیاتنانی "ئوممەتی ئیسلامی" ڕاستەقینەی داهاتوو بوو، و ئەندامەکانی ئەم پارتە نوێیەشی بە هەڤاڵانی (ئەسحابەکان) پێغەمبەر دەشوبهاند. وە هەروەها پێی وابوو لە پێناوی گێڕانەوەی خورەوشت و کلتوور و "شەریعەی ئیسلامی ڕاستەقینە" وەک ئەوەی لە قورئان و سونەتی پێغەمبەردا هاتووە دەبێ "برایانی موسلمان" ببنە خاوەنی هێزو سوپای چەکدار و لە بەکارهێنانی هێزیش بۆ جێبەجێکردنی ئەم کارە سڵ نەکەنەوە.

" بزووتنەوەی برایانی موسلمان" لە سەرەتادا بە هێواشی گەشەی کرد، بەڵام زۆری نەبرد ڕەوت و ڕێکخستنەکانی سەر بەم قوتابخانەیە لە وڵاتانی تریش وەکو ئیراق و سوریا و ئوردن و ...هتد شوێنپێی خۆیان کردەوە. بەم جۆرە بەرە بەرە لەو وڵاتانە کاریگەری ئاینی سیاسی ئەم ڕەوتە لە سنورێکی دیاریکراو گەشەی کرد. دەوری ڕەوتە ئیسلامییەکان سنوردارو کەم بایەخ بوو تا کۆتایی هەفتاکان و سەرەتای هەشتاکانی سەدەی ڕابردوو. لەم ساڵانەدا بە شێوەیەکی بەرفراوان گەشەیان کرد لە ژێر هەژموون و کاریگەری شۆرشی ئیسلامی ئێران. ئەم شۆرشە یەکێک بوو لە هۆکارە ئیلهامبەخشە سەرەکیەکان لە گەشە و هاندانی "ئیسلامی سیاسی" ڕەنگاوڕەنگ و جیاواز لە ناوچەکە و "جیهانی ئیسلامیدا" .

**ئیسلامی سیاسی:**

"پیرۆزکردنی ڕابردوو"، گەڕانەوە بۆ "سەلەفی سالح"

گەورەترین بەرهەمی مۆدێرنیزم جیاکردنەوەی "پیرۆز" یاخود "دینی" و "دونیایی" بوو لە یەکتر. ئەگەر چاوێک بە مێژووی مرۆڤایەتی پێش مۆدێرنیزم بخشێنین ئەم جیاکرنەوەیە یان نیە یاخود زۆر کەمە. لە کۆمەڵگایەکی مۆدێرندا مرۆڤەکان بەهۆی بیرو هۆشی مەعریفی تاڕادەیەک



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

ووشیاریان، دەتوانن بیری ڕێژەیی بوونی "پیرۆز"ی شتەکان قبول بکەن، بەڵام ئەمە وانیە لە کۆمەڵگا دواکەوتووەکان. لەو کۆمەڵگایانەی تا ئێستا پەیوەندی عەشایری و خوێنی بەهێزە نەک تەنیا ئایین پیرۆزە بەڵکو تەقریبەن هەموو شت پیرۆزە. هەلسوکەوت و مێژوو و وەسیەتەکانی باوباپیران پیرۆزە، چونیەتی ژنهێنان و لەدایکبوون پیرۆزە، خورەوشت و کلتوور پیرۆزە، مێژووی عەشیرەت ویاساکانی پیرۆزە. لەو جۆرە کۆمەڵگایانەدا ژیانی کۆمەڵایەتی تاکەکان گوێڕایەلی یاساکانی ئەشیرەتە، و دەرچون لێی یان پێشێلکردنی ئەم یاسایانە سزای توند (دەرکردن، کوشتن)ی لێدەکەوێتەوە. هۆی ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ نەبوونی بیری ڕێژەیی پیرۆزی شتەکان. لەم جۆرە کۆمەڵگایانە ووشیاری مرۆڤەکان گەشەی پێویستی نەکردووە تا بتوانێ قبولی ئالوگۆری "ئێستا" و "داهاتوو" لەسەرحیسابی پیرۆزی "رابردوو"دا بکات. ئەوەی باسمکرد ئەگەر بێین و بەراوردیبکەین لەگەڵ ڕەوتەئیسلامییەکان لێکچونێکی سەرسورهێنەرمان بەرچاودەکەوێ. ڕەوتە ئیسلامییەکان بەهەمان شێوەی مرۆڤی کۆمەڵگا دواکەوتووەکان و سەرەتاییەکان لە ئاکامی ناکارامەیی و بێتوانایی خۆیان لە ولام بە کێشەکانی سەردەم بانگەوازی "پەرستن" و "پیرۆز"کرنی "رابردوو" و "پێشینانمان" بۆ دەکەن.

ئیسلامی سیاسی دژی هەر بەرهەمێکی بیری مرۆڤە کە ببێتە بنەما و خاڵیدەستپێکردن بۆ بنیاتنانی کۆمەڵگایەکی مرۆڤایەتی. بۆ ئەوان هەموو شتێک لە "رابردوو"دا مەوجوودە، و "ئێستا" و "داهاتوو"ش بە دەست مرۆڤ نیە. پێوانەی ئیسلامییەکان بۆ رازیبوون و قبولکردنی کۆمەڵگای ئێستا پەیوەستە بە نزیکی ودووری ژیانی کۆمەڵگای ئێستا لە "ڕابردووی گەشەدار " و"خاوێنی" کۆمەڵگای یەکەمی موسلمانەکان و سەردەمی "خەلیفە ڕاشیدیەکان". ئەوان دەیانەوێ کۆمەڵگایەکی "بێگەرد" و "پاک" بنیاتبنێن بە گەرانەوە بۆ کۆمەڵگای "سەلەفی سالح"، واتە بۆ کۆمەڵگای سەدەی هەفتەمی زاینی و بە پشتبەستن بە مەبدەئی "شورا". بەڵام پرسیار ئەوەیە: ئایا پەیرەوکردنی مەبدەئی "شورا" لە مێژووی ئیسلامدا مەوجوود بووە؟ نەخێر شورا هیچ سەردەمێک لە سەردەمەکانی ئیسلام مەجوود



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

نەبووە، چونکە خودی خەلیفەی موسلمانان "عومەری کوری خەتاب" مەبدەئی "شورا"ی بە "فتنە" ناوبردووە، و پێیوابووە دەبێ "شورا" لە "اهل الحد والعقد" بێت، کە ڕۆشنیشە ئەم خەڵکانە کەسانی هەڵنەبژێردراون. لە ڕاستیدا کۆمەڵگای "سەلەفی سالح" کۆمەڵگایەکی خەیاڵیە و لە مێژوودا بوونی نیە، چونکە کێشمەکێش لەسەر دەسەڵات لەسەردەمی پێغەمبەر و دوای مردنیشی مەوجوود بووە و تەنانەت سێ لە خەلیفەکانی پێغەمبەر بەهۆی کێشمکێش لەسەر دەستهەڵات کوژراون.

خراپ تێگەیشتی خەڵکی "کۆمەڵگا ئیسلامییەکان" لە بیروباوەڕەکان بە گشتی و ئایین بەتایبەتی بۆتە ڕێگر لەبەردەم گەشەکردنی دیموکراسی و مۆدێرنیزم. ئایین بەربەست نیە لە بەردەم سیکولاریزم ئەگەر هەڵسوراوە سیاسی و کۆمەڵایەتیەکان وەک ئایدۆلۆژیایەکی سیاسی بەکاری نەهێنن. هەرکاتێکیش ئایین و تەفسیرو لێکدانەوەی دەقەکانی لەلایەن کۆمەلێک کەسەوە بۆ ئامانجی سیاسی مۆنۆپۆل کرا، ئەوکاتە خۆمان دەبینینەوە لەبەردەم "خواکان" کە خەریکە قسە دەکەن، و خاوەنی راستی ڕەهان، وە هەر ووتوێژێکیش لەگەڵیان بە مانای ووتوویژە لەگەڵ ئاسمان. بە واتایەکی ترجیاوازی لەگەڵیان مانای لەناچوونە مادامەکی ڕێگای بەهەشت پرە لە "سەربازانی خوا".

ئەوەی کە زۆر پێویستە بکرێ جیاکردنەوەی دەقەکانی قورئانە لە تەفسیر و لێکدانەوە و فەتوای زانا ئایینیەکان. بۆچی؟ چونکە ئەمانەی دوایی هەریەکێک بە گوێرەی بارودۆخە مەورزعی و زاتیەکانی سەردەمی خۆی ویستویەتی تەفسیر و فەتواکانی بلکێنێ بەدەقەکانی قورئانەوە.

**لە ڕاستیدا قورئان دولایەنی هەیە :**

یەکەم: قورئان لەسەردەمی خۆی هاتووە بۆ وڵامدانەوە بە پرسیارەکان و کێشەکانی ڕۆژ، بۆیە دەبێ بزانین و تەئکید بکەینەوە کە قورئان لە سەرووی مێژوو نیە بەلکو لە ناو مێژووە.

دووەم: لایەنێکی تری قورئان پەیوەستە بە باوەڕ و خواپەرستی، ئەمەش لە هەموو ئایینێکدا هەیە، و کارەکەشی وڵامدانەوەیە بە پرسیارە نهێنیە



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

نەمرەکان، بۆ نمونە وەک نهێنی مردن و لەناچوونی مرۆڤ، لێرەدا ئایینەکان بە گشتی لەمانەش قورئان هەستێک و ولامێک دەداتە ئیماندارەکان کە جیهانی پر لە نهێنی مردن و لەناچوونیان بۆ ئاسان دەکات، لەرێگای پەیمانی گوێزانەوەیان بۆ "جیهانی نەمری".

ئیسلامییەکان باوەریان بەوە نیە. ئەوان پێیانوایە کە "شەریعەی ئیسلامی" (کە بەرهەمی چارەسەرەکانی زانا ئایینیەکانە بۆ کێشەکانی سەردەمی خۆیان) بۆ هەموو سەردەمێک و جێگایەک دەست دەدات. دژایەتی ئیسلامیەکان بۆ سیستەمی دیموکراسی لێرەوە سەرچاوە دەگرێ. بەو پێیەی دیموکراسی لە سەردەمی یەکەمی ئیسلام مەجود نەبووە، بۆیە پەیرەوکردن لێێ بە "بدعە" ناودەبەن .

ئیسلامییەکان لە لایەک "ئیجتهادی" زانا ئایینیەکان پیرۆز و نەگۆر چاولێدەکەن، و لەلایەکی تر ئەم "ئیجتهادات"انە دەلکێنن بە دەقە پێکهێنەرە یەکەمەکانی قورئان. ئیسلامییەکان داوا دەکەن ئێمە رووبەرووی کێشە و مەسەلەکانی سەردەم بە گەران بەدوای پەرتووکە کۆنەکان و نەزەرەکانی شافعی ومالکی و کوری تەمیمەو ... هتد ببینەوە. بە واتایەکی تر دەیانەوێ ئێمەی هێشتا لە ژیانداماوی سەردەمی سەدەی بیست ویەکەم پرس لە هەموو رووەکانی ژیانی تاکەکەسی وکۆمەلایەتی خۆمان بەو مردووانە بکەین کە چەندین سەدە پێش ئێمە ژیاون، بەبێ لەپێش جاوگرتنی هەموو ئەو ئالوگۆرە سیاسی و کۆمەلایەتی و ئابووریانەی لە لایەنەکانی ژیانی ئێستای ئێمەدا روویداوە .

## ئیسلامییەکانی کوردستان:

### سەرەتای کار

سەرەتای دروستبوونی رەوتە ئیسلامییەکانی کورد، واتە لە کوتایی هەشتاکانی سەدەی رابردوو، لە رووبەروو بوونەوە لەگەڵ بیری نەتەوەیی کورد بۆ سەربەخۆیی پێکهاتن. لە کاتێکدا رەوتە ئیسلامیەکانی عەرەب و فارس و تورک، ناسنامەی نەتەوەیی و یەکپارچەیی دەولەتی نەتەوەیی ( کە تیایاندا خاکی کوردستان بەزۆر و زۆرداری پێوەیان



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

لکێندراوه ) و تایبه‌تمه‌ندی ڕوشه‌نبیری نه‌ته‌وه‌یی خۆیان به یه‌کێک له ئه‌رکه‌کانی ئیسلام و نه‌گۆره‌کان و له ئه‌جنده سه‌ره‌کیه‌کانیان زانیوه، ئه‌وا جیاواز له‌وان ئیسلامییه‌کانی کورد هه‌وڵی شێواندنی ناسنامه و جوگرافیای نیشتمانی و ڕۆشه‌نبیری کوردیان داوه و ده‌ده‌ن له قازانج بره‌ودان به بیری "ئوممه‌ی ئیسلامی" و برابچوکی گه‌لی کوردستان.

ئه‌گه‌رچی هۆکاری سه‌رهه‌ڵدانی ئیسلامی سیاسی له ڕووی مێژووییه‌وه ده‌گه‌رێته‌وه بۆڕووخانی‌ئیمبراتۆریه‌تی خیلافه‌تی ئوسمانی و ره‌تکردنه‌وه‌ی سیکولاریزم، به‌ڵام له‌و سه‌رده‌مه‌ش ئیسلامییه‌کانی عه‌ره‌ب کاتێک پێیان داده‌گرت له سه‌ر دامه‌زراندنی "کۆمه‌ڵگاییه‌کی ئیسلامی راسته‌قینه" و گه‌رانه‌وه بۆ به‌هاکانی ئاینی ئیسلام، ئه‌وا ئیسلام لای ئه‌وان زیاتر له بیری ناسیونالیستی عه‌ره‌بی ده‌چوو وه‌ک له ئایینێک. ئه‌گه‌ر سه‌رنج بده‌ین له بنچینه‌دا پرۆژه‌ی ره‌وته ئیسلامییه‌کانی عه‌ره‌ب له سه‌رده‌مێکدا جه‌ماوه‌ری بوه‌وه، که هه‌موو ره‌وته سیاسیه غه‌یره دینیه‌کان، له کۆمونیسه‌کانه‌وه بگره تا ناسیونالیست و سۆسیال ـ ناسیونالیسه‌کان شکستیان خوارد له به‌دیهێنانی "یه‌کێتی نه‌ته‌وه‌یی عه‌ره‌ب" و "مه‌زنخوازی نه‌ته‌وه‌ی عه‌ره‌بی". به واتایه‌کی تر کاریگه‌ری ره‌وتی ئیسلامی گرنگیه‌کی ئه‌وتۆی نه‌بوو کاتێک گه‌لی عه‌ره‌ب پێیوابوو پرۆژه‌ی ره‌وته ناسیونالیست و سۆسیال ـ ناسیونالیسته‌کان به "یه‌کێتی نه‌ته‌وه‌یی" و "مه‌زنخوازی" و سه‌رکه‌وتنی یه‌کجاره‌کیان به‌سه‌ر رۆژئاوا و زایونیزم ده‌گه‌یه‌نێ. پێویسته ئه‌وه‌ش بڵێم که گه‌ڵێک هۆکاری تریش هه‌ن که ره‌وتی "ئیسلامی سیاسی" گه‌شه پێدا، به‌ڵام لێره‌دا مه‌به‌ستم نیه به ووردی و تێروته‌سه‌لی باسیان بکه‌م چونکه کارێکی وا نووسینێکی تایبه‌تی ده‌وێ.

کۆتایی هه‌شتاکان و سه‌ره‌تای نه‌وه‌ده‌کان، به‌هۆی ڕووخانی یه‌کێتی سۆڤیه‌ت و گۆرانه نێوده‌وڵه‌تیه‌کان و شه‌ری یه‌که‌می که‌نداو، ره‌شه‌بایه‌کی سیاسی پر له ئاڵوگۆری به‌سه‌ر ناوچه‌ی رۆژهه‌ڵاتی ناوه‌راست له‌گه‌ل خۆَ هێنا، به جۆرێک کاریگه‌ری ریشه‌یشی دانا له سه‌ر کوردستان. له کوردستان ئاڵوگۆره‌کان بوونه هۆی رزگاری به‌شێک له خاکی کوردستان له ژێر چنگی رژێمی ئێراق و به‌مه‌ش کرانه‌وه‌یه‌کی سیاسی هاته‌کایه‌وه و



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

دەرگای چالاکی سیاسی ئاشکرا کرایەوە بە ڕووی هەموو پارت و هێزە سیاسیەکان لەمانەش ڕەوتە ئیسلامییەکان. ئیسلامییەکان هەرلە سەرەتادا بەردەوام خاوەنی خیتابێکی توندوتیژ و ڕادیکال بوونە لە دژی هێزە سیاسیەکان و دەستهەڵاتداران و حکومەتی کوردستان. ئەم ڕەوتە بە تایبەتیش ڕێکخراوی "بزووتنەوەی ئیسلامی لە کوردستان" توانیان لە ڕێگەی خیتابی توندوتیژی و کاری خێرخوازی ئیسلامی بەشێکی بەرچاو لە توێژە فەرامۆشکراوەکانی کوردستان بۆ لای کاری توندوتیژی دژ بەکۆمەڵگا ڕاکێشن. قسە و لێدوانی ئیستفزازیانەی ڕابەڕانی ئەم ڕەوتە لە دژی دەستهەڵاتی کوردی و حکومەتی کوردستان و ڕێزنەگرتن و باوەرنەهێنان بە یاسا و شوبهاندی یاساکانی حکومەت بە کوفرو لادان لە ئیسلام، بووە هۆی هەلگیرسانی شەر و پێکدادان کە لە ئەنجامدا بەشێکی بەرچاو لە هێزی چەکداری ئیسلامییەکان لەنێوبردران.

بەوپێیەی ڕەوتی ئیسلامی لەیەک سەرچاوەی فیکری و قوتابخانە پێک نەهاتبوو، بۆیە جەستەیەکی پتەو و یەکپارچەش نەبوو بەڵکو ڕاستیەکەی لە ناخی ڕێبەرایەتی ئەو ڕەوتە زۆرێک فراکسیونی جیاواز هەبوون کە هەریەکێکیان بەپێی ئامانجە ئایدۆلۆژیە جیاوازیەکانیان تەشکیلی فیرقە و کۆمەڵی خۆیان دابوو، و دوایی وەک بینیمان کەسایەتی کاریگەریان لێدەرکەوتن. بۆیە سیاسەتێک کە ڕێکخراوی "بزووتنەوەی ئیسلامی لە کوردستان" پەیرەوی دەکرد بە زێدەڕۆیی و ناواقعی لەقەلەم دەدرا لە لایەن هەندێکی ترلە کەسانی کاریگەر لە ڕەوتی ئیسلامی کوردستان. ئەمانە کە لە سەرەتادا بە "ئیسلامییە سەربەخۆکان" چالاکی ئیسلامی و سیاسیان دەنواند ڕەخنەیان لە شێوە و بەرنامەی کاری "بزووتنەوەی ئیسلامی لە کوردستان" هەبوو، وبۆیەش دوایی لە پرۆسەی گەشەکردنیان " یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان" یان پێکهێنا.

ئاڵوگۆرە سیاسی و ناوچەیی و نێودەولەتیەکان وایکرد کە ڕەوتە ئیسلامییەکانی کوردستان وەک هەموو ڕەوتە ئیسلامییەکانی تر چاوبخشێنەوە بە تاقیکردنەوەکانیان لەژێر ڕۆشنایی هاوکێشەی سەرکەوتنەکان و شکستەکان، و رۆشنیشە شکستەکانیان زۆرتر بوون لە



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

سەرکەوتنەکان مادامەکی زۆربەی ئەو ڕەوتانە گورزی کوشندەیان پێکەوت و ناچارکران خیتابی توندوتیژی خۆیان تا ڕادەیەک بگۆڕن. ڕەوتە ئیسلامییەکانی کوردستان تا ئێستاش جیاوازی لە هەڵوێستەکانیان هەیە سەبارەت بە ڕادەی ریفۆرم و بەخۆداچونەوە، ئەمەش وەستاوەتە سەر مێژوو و قوتابخانەی هەریەک لەم ڕەوتانە و ڕادەی گورزخواردن و زیانەکانی هەریەک لەم ڕەوتانە لە رووبەڕووی چەکدارییدا، بەڵام گومان نیە کە بەدەر لە داخوازی خۆیان خەریکە ووردە ووردە زۆربەی ئەم ڕەوتانە هەنگاو دەنێن بەرەو چالاکی وکاری سیاسی لەچوارچێوەی گەمەی دیموکراسیدا. بینیمان چۆن "بزووتنەوەی ئیسلامی لە کوردستان" و "کۆمەڵی ئیسلامی کوردستان" کە پێشتر لەسەرەتای نەوەدەکانی سەدەی ڕابردوو هەردووکیان لە ژێرناوی "بزووتنەوەی ئیسلامی لە کوردستان" چالاکی چەکدارییان دەنواند ئێستا بە حەماسەوە بەشداری هەڵبژاردنەکان دەکەن .

## ئیسلامی سیاسی و بزووتنەوەی نەتەوەیی لە کوردستان

ئەمرۆ کوردستانی ژێردەستی ئێراق بە قۆناغی پرۆژەی شکلپێدانی ناسنامەی نەتەوەیی و جوگرافی و سەربەخویی تێدەپەڕێ. دەتوانم بڵێم لەگەڵ بوونی دەستێوەردان و ترسی هێزە دەرەکیەکان بیری ئیسلامی سیاسی ترسێکی یەکجار گەورەی شاراوە و نادیارە لە سەر مەفهومی دەولەتی کوردی و بیری نەتەوەیی. دابەشکردن و تەفرەقە دروستکردن لە نێو گەلی کوردستان لە سەر بنچینەی ئایینەکان و مەزهەبەکان ڤایرۆسێکی یەکجار کوشندەیە (بە تایبەتیش هێشتا کوردستان نەبۆتە نیشتمانێک و ناسنامەیەکی دیار و باوەرپێکراو و فەرمی لەسەر ئاستی جیهان و دەولەتان) لە لەشی پرۆژەی نەتەوەیی. بەهۆی بوونی کۆکتێلی مەزهەب و ئایین و میللەتی جۆراوجۆر لە کوردستان تەنیا ڕێگە بۆ بنیاتنان و تەشکیلی جوگرافی و نەتەوەیی کوردستان برەوپێدانە بە مەفهومی"نیشتمانی کوردستان" و پەیوەندی و ناسنامەی کوردستانیبوون.



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

له هیچ سەردەمێک ئایینی ئیسلام له کوردستان نه له لایەن پارته نەتەوەییەکانی کوردستان و نه له لایەن دەستهەلاتی ناوەندی بەغا دژایەتی و بەرهەڵستکاری نەکراوە. به پێچەوانەوە ئیسلام وەک ئاینێک هەمیشه بەهرەمەند بووە له پاڵپشتی، و جێگەوڕێگەی گرنگ و تایبەت به خۆشی له کوردستان پاراستوە. پارته کوردستانیه سەرەکییەکان له سەرەتای دروست بوونیان زۆرێک له سیاسەت و بەرنامەکانیان ڕەنگادانەوەی داواکاریه ئایینیەکانی میللەت بووە، بۆیه هەوڵی ڕەوتی ئیسلامی سیاسی بۆ دووباره به ئیسلامیکردەنەوەی کۆمەڵگای کوردستان بێجگه له یۆتۆپیایەکی سیاسی ئیسلامی هیچی تر نیه.

ئەگەرچی ئیسلام وەک ئایین جێگای ڕێز و پاڵپشتی باڵی ڕاستی حیزبه نەتەوەیەکانی کوردستان بووە و له بەرامبەریشدا ئەو حیزبانه هەمیشه بەهرەمەند بوونه له پاڵپشتی ئایینپەروەران و پێکهاته و کۆمەڵه کۆنسێرفاتەکانی کوردستان،بەڵامهیچ یەکێک لەم پارت وهێزه ئیسلامیانەی ئەمرۆ، که له گۆڕەپانی سیاسی کوردستان چالاکن، له منداڵدان و ناوەندە کۆنسیرفاتەکانی پارته کوردیەکان سەریان هەڵنەداوە. پارت و هێزه ئیسلامیەکانیگۆرەپانی کوردستانبەرهەمیسەرچاوە فیکریو فیزیکیەکانی دەرەوەن وئاوله سەرچاوەینمونەی حکومەت وپارتوهێزه ئیسلامیەکانی دەرەوەی سنووری کوردستان دەخۆنەوە (1)، و بیری رزگاری نەتەوەیی کوردستان نه بنەمای خاڵی دەستپێکردن و پێکهاتنیان بووە، و نه ئامانجیشیانه (2).

## ئیسلامییەکان و ڕووخانی بەعس

شەڕی ئەمریکا له دژی ڕژێمی بەعس جۆرێک له کرانەوەی سیاسی لەگەڵ خۆ هێنا. به واتایەکی تر ڕووخانی ڕژێمی بەعس بووە هۆی ئەوەی بۆ یەکەمین جار هەڵبژاردنێکی تاڕادەیەک سەربەخۆ له ئێراقدا ئەنجام بدرێ که تیایدا هەموو هێزەکانی سەر گۆرەپانی سیاسی ئێراق بەشداری تیدا بکەن. ئەم ئاڵوگۆڕانه بەدەر له ئیرادەی ئەمریکا دەرگای دەستهەڵاتی خسته سەرپشت بۆ هێزه ئیسلامییەکان. ئیسلامییەکان باش دەزانن که



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

ئەگەر هێرش و دەستێوەردانی ئەمریکا لە ئێراق  نەبوایە هیچ یەکێکیان بە خەونیش نەیاندەتوانی دەستیان بە دەستهەڵات بگا. ئەگەرچی لەم کەین و بەینەدا کەمێک لە بەستەڵەکی نێوان ئەمریکا و ئیسلامییەکانی ئێراق، کە تا دوێنێ بە کافری گەورە و دوژمنی ئیسلام سەیر دەکرا، توایەوە، بەڵام ئەم ئاڵوگۆڕە لە هەڵوێستی ئیسلامییەکان لە بەرامبەر ئەمریکا تەنها وەک ئاگربەستێکی کاتی دێتە پێش چاو.

مێژووی ئیسلامییەکانی کوردستان بە بەراورد لەگەڵ ئەوانی تر کەمێک جیاوازە. ئەوان پێش شەریش خاوەنی هەلوێستێکی  پراگماتیکی بوون لە بەرامبەر ئەمریکا و حیزبەکانی کوردستان (بە تایبەتی یەکێتی و پارتی). ئەوان سوودیان لە تاقیکردنەوەکانی شەڕی چەکداری رابردوویان تا ڕادەیەک وەرگرتبوو. جێی خۆیەتی لێرەدا ئاماژە بە "یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان" بکەین کە لە سەرەتاوە رێگای رووبەڕووبوونەوەی چەکداری لە گەل حکومەتی کوردستان و حیزبە نەتەوەییەکان هەڵنەبژارد بوو، وەک " بزووتنەوەی ئیسلامی لە کوردستان" و لایەنگرانی مەلا کرێکار و مەلا علی باپیر کردیان. "یەکگرتوو" سوودی وەرگرت لە تێکهەلچوونە خوێناویەکانی ساڵی نەوەدەکان لە نێوان حیزبە نەتەوەییەکانی کوردستان و باڵی چەکداری رەوتە ئیسلامییەکان. ئەگەرچی "یەکگرتوو" بە هەموو لێڵێی و گومان لە سیاسەتەکانی بەرامبەر بە یاسا و شەرعیەتی دەسەڵات لە کوردستان، بەڵام زۆر زیرەکانە بەشداری دەسەلاتی کرد. ئەمەش بوو وایکرد کە "یەکگرتوو" بە بەراورد لەگەڵ باڵەکانی تری رەوتی ئیسلامی، کە تا پێش شەری ئەمریکاش لە دوژمنایەتی توند دابوون لە گەڵ ناسنامە و شەرعیەتی دەسەلات لە کوردستان، توانی زیاتر سوود وەربگری لە ئاڵوگۆڕەکان و بارودۆخی دوای ڕووخانی بەعس .

نابێ هەرەشەی ئایدۆلۆژیای ئیسلامی سیاسی لە سەر کوردستان بە کەم وە یاخود لە هەمان تای تەرازووی هەرەشە لە سەر ئێراق دابنرێ. بۆچی؟ چونکە بارودۆخی کوردستان جیاوازی بنەرەتی لە گەل ئێراق هەیە، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ جێگیرنەبوون و یەکلایی نەبوونی تا ئێستای شەرعیەتی نێودەولەتی سەروەری سیاسی میللەتی کورد لە کوردستان.



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

بوونی هێزی ڕادیکالی ئیسلامی لە ئێراق بێجگە لە کوردستان ترسی لە سەر سەروەری و جوگرافیا و پرۆژەی نەتەوەیی لە ئاستی نێونەتەوەیی دروست ناکات، چونکە مەسەلەی ناسنامە و سەروەری سیاسی و یەکپارچەیی جوگرافیای ئێراق  لە لایەن هیچ هێزێکی سیاسی ئێراقی، لە ئیسلامیەوە بگرە تاکو ئەوپەری چەپیەوە، نەخراوەتە ژێر گومانەوە، بەڵکو بە پێچەوانەوە ئەمانە وەک نەگۆر سەیردەکەن.

گومان نیە لەوەی ڕووداوەکانی 11 سێپتێمبەر کۆتایی قۆناغێک و دەستپێکردنی قۆناغێکی نویٚ بوو بۆ ئیسلامییەکانی کوردستان لە پەیوەند بەهەڵوێستیان بەرامبەربە دەسەلأتیکوردی.ئەم ڕووداوە تاقیکردنەوەیەکی زۆر سەخت بوو چونکە لە ناکاوخۆیان بینیەوە لە بەرامبەر هاوپەیمانیەتی دەسەڵاتدارانی کوردستان و ئەمریکا لە ناساندن و ڕووبەڕووبوونەوە لەگەل تیرۆریزمی ئیسلامی لە جیهاندا. دەستهەڵاتدارانی کوردستان سوودیان وەرگرت لە بارووددۆخی نوێی جیهانی پاش ڕووداوەکانی 11 سێپتێمبەر کە بەرەی دژی ڕادیکالیزمی ئیسلامی و تیرۆری بەهێز کرد. ئیسلامییەکانی کوردستانیش وەک ئەوانی تربوون بە دوو بەش هەندێکیان هەلسان بە تەبریرو بیانوو هێنانەوە بۆ تەقینەوەکان ، وە ئەوانی تر چەژن و شادیان گێرا بەو " غەزا"یە.

دەسەلاتدارانی کوردستان هەرزوو هەوڵی سەرنجی ئەمریکایان بۆ بوونی هێزە تیرۆریستەکانی ناو کوردستان ڕاکێشا بە جۆرێک هاوکاری جیدی کرا لە نێوان کورد و ئەمریکا بۆ لە ناو بردنی ئەو گرۆپ و کۆمەڵە تیرۆریستانەی کە گردببوونەوە لە ناوچەکانی سەر سنووری نێوان کوردستان و ئێران. بەمەش ڕێگە خۆش بوو کە ئەو ڕەوتە ئیسلامیەی لە پەراوێز هەلسورانی دەکرد و خاوەنی خیتابێکی لێڵ و جیوەیی و نارۆشن بوو بەرامبەر بە بەشداری لە پرۆسەی سیاسی کوردستان بەربڵاو سەرهەڵبدا. لێدان و لەناوبردنی گروپە تیرۆریستەکان لە لایەن پێشمەرگە و ئەمریکا ڕووناکی و سەرنجی ڕای گشتی کوردستانی خستە سەر ئەو بەشە لە ڕەوتی ئیسلامی کە بە هێواشی چالاکی دەکرد، بەڵام هیچ کەسێک گومانی لە هێز و نفوزی ئەم ڕەوتە لە نێو توێژەکانی کۆمەڵگای



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

کوردستان نەبوو. ڕووداوەکانی 11 سێپتێمبەر و بێهێزکردنی باڵی چەکداری ڕەوتی ئیسلامی لە کوردستان ئیسلامییەکانی خستە ژێر پالەپەستۆ و ناچارکران هەڵویستێکی کەمێک ڕۆشنتر بنوێنن بەرامبەر تیرۆر و ڕێکخراوی "ئەلقاعدە"، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا لە دوایین هەڵبژاردنەکانی کوردستان توانیان ئەنجامی باش و بەرچاو بەدەست بێنن کە جێگەی سەرسورمانی هەمووومان بوو.

## چار چییە؟

من لێرەدا هەوڵەدەم بە کورتی لە چەند خاڵ باسی چۆنیەتی بەرنگابوونەوە و کەمکردنەوەی ترسی گەشەی ئیسلامی سیاسی لە کوردستاندا بکەم .

**1 . سیستەمی دەسەڵاتی سیاسی لە کوردستان دەبێ ببێتە خاوەنی شەرعیەتی سیاسی و جەماوەری.**

نوخبەی سیاسی کوردی فورسەتێکی مێژوویی چەند سالەی، دوای وەدەرنانی بەعس لە کوردستان، بۆ بنیاتنانی ناسنامە و سیستەمێکی یاسایی ودەزگاییونەتەوەیی خاوەن شەرعیەتی جەماوەری و دەستووری لە کوردستان لە دەستدا. بە داخەوە شەڕی ناوخۆیی بۆ دەسەڵاتی سیاسیگەورەترین تراجیدیای بەسەرخودی شەرعیەتی دەسەڵاتی سیاسی هێنا. سیاسەتی کورد، وەک نەتەوەیەکی بندەست و بێ کیانی سەربەخۆ، بۆ مانەوە و بەرەنگاری لەناوچوون و توانەوە ناتوانێ بێجگە لە پەیرەویکردن لە پرۆژەیەکی نەتەوەیی هیچی تر بێ. بە دەزگاییکردن و یاسایی کردن و دەستووری کردنی سیتستەمی حوکم دوو سوودی هەیە: لە لایەک کێشمەکێشە گەورەکان ناتوانن درز و گومان بخەنە سەر ناسنامە وشەرعیەتی سیاسی وجەماوەری سیستەمی دەولەت وپەرلەمان، و لە لایەکی تر بەمە پارێزراودەبین لە ڕەشەبای مەزاج و ئۆپۆرتۆنیزمی هێزە سیاسیەکان. ئەمرۆ کوردستان لە هەموو وڵاتێک زیاتر پێویستی بەسیستەمێکی بەرێوەبردنی یاسایی و دەستووری هەیە کە رەگ و ڕیشەی پەلبهاوێ بۆ ناو جەماوەر و هێزە سیاسیەکان بە جۆرێک هیچ



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

کەس و هێزێک و ئایدۆلۆژیایەک نەتوانێ گومان بخاتە سەر سیستەمی دەسەڵات. کوردستان وەک خاک و ناسنامە پارێزراوە لە هەڕەشەی دەرەکی و ناوەکی ئەگەر پەرلەمان و دەستووری کوردستان ببنە تەنها چەتری کۆکردنەوە و ململانێی سیاسی لایەنەکان. مەبەست لێرە تەنیا پاڵپشتی ئەخلاقیانە لە دەستوور و دەولەتی یاساو پەرلەمان نیە، بەڵکو دەبێ ڕۆشن بێت کە بێبوونی شەرعیەتی سیاسی و جەماوەری دەستهەلات ئاراستەی چارەنووسی ئێمە بەرەو لەناوچوون و مەترسی گەورە دەبێ .

**2 . ڕەوتە ئیسلامییەکان دەبێ بە فلتەرێکی نەتەوایەتی تێپەربن**

من پێشتر باسمکرد کە ئیسلامی سیاسی نە خاوەن پرۆژیەکی نەتەوەییە، وە نە هێزێکی خۆمالیشە، بۆیە لە کردەوەدا کوردستانیبوونیان جێی گومانە. قسە لێرە لە سەر ئەوە نیە کە مەتریالی ئەم هێزانە خەڵکانی کورد نین، بەڵکو ئەمانە کوردستانی نین چونکە پرۆژەی سەرەکیان "رزگاری ئوممەی ئیسلامیە". هێزێک ئەوکات دەتوانێ ئیدعای کوردستانیبوون بکات ئەگەر ئاراستەی ناوەندی سیاسەتی پرۆژەی رزگاری نەتەوەیی و کوردستان بێت. بیری ئیسلامی سیاسی بەوپێیەی پێناسەی ئیسلامی لەسەر حیسابی پێناسەی نەتەوەیی و کوردستانی بە سەر گەلی کورد دەسەپێنێ ئەوا بەدەر لە ئیرادەی ئێمە و ئەوان سیاسەتێکی لەو جۆرە لە کردەوەدا پاشکۆبوونی کورد بۆ دوژمنان بەرهەم دێنێتەوە. بۆ خراپ لێتێنەگەیشتنیش دەمەوێ بڵێم کە من مەبەستم ئەوە نیە هەموو ڕەوتە سیاسیەکان لە کوردستان دەبێ تەنیا پێناسەی نەتەوایەتی تاکە پێناسەی سیاسی ئەوان بێت، چونکە ئەمە نە ئیمکانی هەیە وە نە دروستیشە، بەڵکو مەبەستی من لێرە ئەوەیە کە میللەتێکی بێ کیانی وەک کورد کێشەی سەرەکی چەپ وڕاست و ئیسلامیبوون نیە بەڵکو پێناسەی نەتەوەییە. کورد وەک میللەتانی تری سەر رووی زەمین بێگومان چەپ و ڕاست و ئیسلامی و نائیسلامی و بێ ئاینیشی تێدایە و دەبێ تیاشی بێت، بەڵام ئەم پێناسانە زۆر لاوەکین لە بەرامبەر پێناسەی نەتەوەیی. بۆیە پێناسەی



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

نەتەوەیی بۆ ئێمە دەبێ لە پلەی یەکەمدا بێت  وە لە هەمان کاتدا دەبێ پێشمەرج و فلتەری هەر هێزێکی سیاسی چەپ و ڕاست و ئیسلامی بێت.

**3 . جیاکرنەوەی ئایینی ئیسلام لە  ئیسلامییەکان**

ئەمڕۆ ئیسلام لە کۆمەڵگای کوردساتاندا تەنیا کاریگەری کۆمەڵایەتی نیە، بەڵکو خاوەنی کاریگەری ڕاستەوخۆی سیاسیشە، تەنانەت ئیلهام بەخشی زۆرێک ئایدۆلۆجیا و ڕەوتی سیاسی ترسناک بۆئاسایش و داهاتووی کوردستان وئامانجەکانی گەلی کوردە.ئەگەرساڵانیڕابردوو ئیسلامییەکان و بەکارهێنانی سیاسیانەی ئایینی ئیسلام لە لایەن کۆمەلێک ڕەوتی نامۆ بە کوردستانەوە کاریگەری جەماوەریبەرچاوی نەبوو،ئەوا هاوسەنگیەکە ئەمڕۆ گۆڕاوە بە تایبەتیش پاش گۆڕانی درامیاتیکانەی هاوسەنگی هێزەکان بە قازانج ئەو ڕەوتە لە ئێراقدا. بۆجێگیرکردنی ئاسایش و دیموکراسی و کۆمەڵگایەکی تۆلەرانت لە کوردستان کارێکی ئاقلانەیە کە لە چەندین لاوە کار لە سەر مەسەلەی ئیسلام و دیاریدەی پەیدابوونی ئیسلامیەکان لە کوردستان بکرێ. لە رووی فیکرییەوە دەبێ هەوڵی جیدی بدرێ بۆ هاندانی لێکدانەوەیەکی مۆدێرنانە و دیموکراسیانە لە ئیسلام.

ئیسلام وەک هەر ئایۆلۆژیایەکی تر لە ناخیدا ڕەوت و باڵی جۆراوجۆری هەڵگرتوە کە لێکدانەوە و تەفسیری جیاواز، تەنانەت دژ بەیەکیش لە ئیسلام دەدەن بەدەستەوە، بۆیە ئاقلانە نیە هەموویان بخەینە یەک سەبەتەوە  بۆچی؟ چونکە ئێمە مەبەستمان لەناوبردنی ئایین نیە بەڵکو گێرانەوەی ئایینە بۆ شوێنە گونجاوەکەی (پەرستگاکان) خۆی. بەو پێیەی کاری ئێمە دەبێ ئامانجداربێت بۆیە بە باوەڕی من دەبێ لێکجیاکرنەوەی ئیسلام و ئیسلامییەکان، و خوێندنەوەو سەردەمیکردنەوەی ئیسلام هاوتەریب هەوڵی بەردەوامی بۆ بدرێ.  بەمەش دەتوانین لە لایەک لە کورت ماوەدا کونسیرفاتەکانی کومەڵگای کوردستان داببڕین لە پەیوەست بوون بە "سوپای ئیسلامییەکان"، کە ئەمەش ڕێگەیان بۆخۆش دەکا تەنانەت پاڵپشتی هەوڵدان بۆ لەناوبردنی فیکری ڕادیکالیزمی ئیسلامی و تیرۆریزم بکەن، و لەلایەکی تر لە درێژماوەدا بوار دەرەخسێ بۆمان کە



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

نەخشەیەک،چواچێوەیەک،و رۆشنایەکمان لا پەیدا ببێ کە ڕێگەخۆشکەربێ بۆ ئینتگرێیشنی ئیسلامییەکان لە گەڵ پرۆسەی دیموکراسی کوردستان.

نابێ ئیسلام، وەک ئایینی زۆربەی خەلک لە کوردستان، بخرێتە هەمان سەبەتە و بەرەی ئیسلامی سیاسی، ئەگەرچی ڕەنگە بە ڕوالەت وا دەرکەوێ کارێکی پێشکەوتووخوازانە و ووشیارانەیە، بەلاإم لە ڕاستیدا گەورەترین خزمەتە بە ڕەوتە ئیسلامییەکان. پێتان سەیر نەبێ کە خودی ئیسلامییەکان ئەم کارە ئامانجیانە، بۆ؟ چونکە ئیسلامیەکان لەم ڕێگەیەوە دەیانەوێ باشترین سوود لە خەباتی سیاسی خۆیاندا وەربگرن،بە جۆرێک کێشمەکێشی سیاسیانلەگەڵ لایەن وبەرەیبەرامبەربگۆرن بۆ کێشمەکێش لە نێوان "باوەرداران" و "کافرەکان". وە بە مۆنتاژکردنی کێشمەکێشەکە بەو ئاراستەیە ئەوا دەنگێ بەرزو دەنگدەرەوە هی ئیسلامییەکان دەبێ، کە واپیشان دەدەن، ئەم کێشمەکێش و ڕکابەرکێیەی ئێستایان درێژکراوەی هەمان کێشمەکێش و ڕکابەرکێی پێغەمبەرە لەگەڵ "کافرەکان". ڕووبەڕوو بوونەوە لە گەڵ ڕەوتی "ئیسلامی سیاسی" نابێت بگۆردرێ بۆ ململانێ "باوەرداران" و "کافرەکان". بە واتایەکی تر دەبێ ڕێگە بگیرێ لە بەگژیەکدا چوونی ئایینی وئایینیانە لە کوردستان.کاری دروست هەولْدانی هاوتەریبە لە نێوان پاڵپشتی ڕەوتە ئاقلانیەکانی نیوخودی ئیسلام و سەرلەنوێ خوێندنەوەی سەردەمیانە بۆ مێژوو و ئایینی ئیسلام.

## 4 . خوێندنەوەیەکی سەردەمیانە لە ئایینی ئیسلام

ڕیفۆرم لە هیچ ئایینێک کارێکی ئاسان و ئەوەنتە نیە، بەڵکو زۆر ئاڵۆزە و تەنانەت ترسناکیشە. ئایینێکی جیهانی  وەک ئایینی ئیسلام نە سادەیە و نە سیستەمێکی هۆمۆجینیەسە تا ریفۆرمی ئاسان بێت. ڕاستیەکەی هەولْدان، چ لەلایەن  خودی کەسە ئایینەکان یاخود لەلایەن کەسانی تر، بۆ کۆکردنەوەی بەڵگەی ڕۆشن و باوەرپێکراو کە پاڵپشتی ئیسلامێکی لیبرال و تۆلەرانت بکا کارێکی ئاسان نیە، چونکە کاری لەم بابەتە ڕووبەرووە لەگەڵ لێکدانەوەی رادیکالەکان لە ئیسلام بە یارمەتی هەمان سەرچاوە ئیسلامیەکان. لە "کۆمەڵگا ئیسلامیەکان" تەقریبا هەموو کێشە و



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

مەسەلەکان گرێدراون لە گەڵ ئایین، وە زۆرێک لە کاسایەتی و هێزی سیاسی ئیسلامی و غەیرە ئیسلامی هەوڵی "بەئیسلامیکردن" ی مەسەلەکان دەدەن کاتێک هەست بە مەترسی نەمانی شەرعیەتی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووری خۆیان دەکەن. کاتێک باس لە ڕیفۆرمی بیری ئیسلامی دەکەم مەبەستم لێی کارکردنە بۆ نەخشەکێشانەوەی کۆمەلێک مەفهومی سیاسی و کۆمەڵایەتیە لە ئیسلام، کە پەیوەندی ئاشتیانەی مرۆڤەکان و کۆمەڵگاکان زیاتر گەشە پێبدات. بێگومان نابێ مەبەست لێی گەڕانەوە و پیرۆزکردنی رابردووی ئیسلامی بیت.

بە پێچەوانەی ئەوەی ئەمرۆ ڕەوتی ئیسلامی بەهێزو جەماوەری دێتە پێش چاو، ئەوا ئیسلام و"کۆمەڵگا ئیسلامییەکان" (بە تایبەت عەرەبیەکان) لە قەیرانێکی مێژووییدا دەژین. ئەمەش هۆیەکەی دەگەرێتەوە بۆ:

یەکەم - پاشەکشەی بەردەوامی ئەم کۆمەڵگایانە لە داگیرکردنی شوێنپێیەکی سیاسی بەرچاو و بەهێز لە کۆمەڵگای جیهانیدا.

دووەم - دواکەوتوویی و ڕەتکردنەوەی کلتوور و ڕۆشەنبیری نوێی سەردەم، وە خزانی هەنگاو بە هەنگاویان بەرەو پاشکۆیەتی ئابووری جیهان.

تا ماوەیەک پێش ئێستا زۆر کەس پێیوابوو کە گەشەی "کۆمەڵگا ئیسلامییەکان" لە ڕووی ئابووری و تەکنیکی گرێدراو لەگەڵ سیستەمێکی دیموکراتی بەسە بۆ گەیشتن بە مۆدێرنیزم، بەڵام دەرکەوت لە بنچینەدا ئەم کۆمەڵگایانە مۆدێرنیزم رەتدەکەنەوە بەهۆی سروشتی دواکەوتوویی فیکری و ڕۆشنبیری ئەم کۆمەڵگایانە. ئایا سەیر و سەمەرە نییە هەرجارێ "کۆمەڵگا عەرەبیەکان" تووشی شکست دێن و لە کاروانی شارستانیدا پاش دەکەون ئەوا بۆ وڵام و هۆیەکان دەگەرێنەوە بۆ ڕابردوو، وەک بڵێی کە کۆمەڵگای یەکەمی ئیسلامی سەردەمی پێغەمبەر لە سەرووی مێژووە، و دەقە پیرۆزەکانیش لە ناوەخنی خۆیاندا هەموو زانست ومەعریفە و داهێنانێکی مرۆڤی ئێستا و داهاتووی تێدایە.

سەرم دەسورمێ کاتێک زۆربەی نوخبەی سیاسی و ڕۆشنبیری "کۆمەڵگا ئیسلامییەکان" نەک تەنیا پرسیار ناکەن بۆچی کۆمەڵگای ئەوان دواکەوت



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

و ڕۆژئاوای "کافر" و "بێ باوەڕ"یش پێشکەوت، بەڵکو لە جیاتی نۆرمی پێشکەوتن و دواکەوتن لە مۆدێرنیزم، کار بە پێوانە و دەستەواژەی سەردەمەکانی تاریکی مرۆڤ دەکرێ لە بابەت: "کافرەکان" و "باوەڕداران"، وە "ئەهلی بەهەشت" و "ئەهلی ئاگر". ئەمانە پێیانوایە هێشتا "کۆمەڵگا ئیسلامییەکان" خاوەن شارستانی و هەڵگری ئاڵای پێشکەوتنن، هەرچی دواکەوتوویی و نەزانین و جەهلیشە بە بەرۆکی ڕۆژئاوای "کافر"و " بێ خوا"ی دەدەن. لە هیچ سەردەمێک و شوێنێک نەبووە مرۆڤ پێش بکەوێ و شارستانیەتێکی باشتر دابمەزرێنێ و چارەنووسی خۆی بە عەقلانی و ئۆبجێکتیڤانە دیار بکا بەبێ تێگەیشتن لە خۆی ودەوروبەری. ئەوروپیەکان پێشکەوتن چونکە بە درێژایی چەندین سەدە وێڵبوون بە دوای وڵامی ئەو پرسیارە: چۆن لە زەلکاوی کۆنەپەرستی و دواکەوتوویی خۆمان رزگار بکەی؟ وڵامی ئەم پرسیارە بە شۆرش و دامەزراندنی حیزب و شەری ئەهلی نادرێتەوە. ئەم پرسیارانە کاری فیکر و ڕۆشەنبیرانە. ئەوروپییەکان و هەموو کۆمەڵگا پێشکەوتووەکان تەنها ئەو کاتە توانیان پێشبکەون و گەشە بکەن کاتێک هەڵسانەوەیەکی فیکری و دابڕانی یەکجارەکیان کرد لە گەڵ هەموو شتی کۆنەپەرست و تاریک لە کلتوورەکەیان.

بەڵام ئایا کاتێک من دەڵێم دەرچوون لە زەلکاوی کۆنەپەرستی و دواکەوتن کارێکی فیکریە نەک خەباتێکی سیاسی، مەبەستم رەتکردنەوەی شۆرش و پێکهێنانی حیزبەکانە؟ نەخێر. بانگەوازی من بۆ خەباتی فیکری مانای کەمکردنەوە نیە لە خەباتی سیاسی لە پێناو گۆرانی کۆمەڵگا بۆ کۆمەڵگایەکی عاقلانە و پێگەیشتوو، بە پێچەوانەوە خەباتی فیکری لە بنچینەدا بۆ خزمەت کردن ورێنیشاندانی هەڵسورا وخەباتگێرە کۆمەڵایەتی و سیاسیەکانە بۆ داهاتوویەکی ڕۆشن و پێشکەوتوو نەک بۆ گەڕانەوە بۆ ڕابردوو وەک ئەوەی رەوتە ئیسلامییەکان داوای دەکەن.

بە باوەڕی من ناکرێ چیتر چاوپۆشی لە مەسەلەی ڕیفۆرم کردن لە ئایینی ئیسلام بکرێ. ئەمرۆناوەرۆکی خیتابی دینی و قوتابخانە ئایینیەکان پەروەردەی نەوەی نوێ لەسەر توندڕەوی و ڕەتکردنەوەی جیاوازی و بەرامبەر تا ڕادەی کوشتن و لەناوبردنی پێکدەهێنێ. ئایینی ئیسلام دەبێ



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

له ئایینی "جیهاد" و ڕێگای "شەهادەت"  ببێتە ئایینێکی روحی، بە واتایەکی تر ئایین تەنیا لە پەیوەندی تاک و خودا قەتیس بکرێتەوە و ژوانی باوەرداران بێت بۆ هەڵاتن و دڵدانەوە لە کێشە و گرفتەکانی ژیان. ئەمەش تەنیا بە جیایی ئایین لە دەولەت و سیاسەت دەستەبەر دەبێ.

## ئەنجامگیری

لە کۆتاییدا دەگەڕێمەوە بۆ هەمان پرسیاری سەرەتای ئەم نووسینە: ئایا ڕەوتە ئیسلامییەکان ، بەهۆی سروشت و پێکهاتی دژی دیموکراسیانەیان، دەتوانن گەشە و کاردانەوەی پۆزەتیفانەیان هەبێ لە گەڵ پرۆسەی دیموکراسی؟  ئەگەرچی وڵامی ئەم پرسیارەم لە ناوەخنی نووسینەکەمدا داوەتەوە بەڵام بە کورتی دەڵێم: لە  پەیوەند بە پێکهات و دیموکراسی بوون و نەبوونی ڕەوتە ئیسلامییەکان ناتوانرێ وڵامی ئەو پرسیارە بدرێتەوە. بۆچی؟ چونکە پێموایە هێزە سیاسیەکان بە گشتی لەوانەش ئیسلامییەکان، بەو ڕادەیە پێکهات و خیتابی گشتگەرو ڕەهایان ڕێگر نابێ لە بەردەم ڕێزگرتنیان لە گەمەی دیموکراسی ئەگەر نوخبەی سیاسی و رۆشەنبیری کوردستان دەست بەکاری جیدی بکەن بۆ بە دەستووری  و یاسایی و دەزگاییکردنی دەسەلاتی سیاسی لە کوردستان، بە جۆرێک کە ڕێسا و ڕێزگرتنی گەمەی دیموکراسی بسەپێنێ بە سەر هەمووان.



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

**پەراوێزەکان :**

1 . "سەلاحەدین موحەمەد بەهائەدین" ئەمینداری گشتی یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان لە چاوپێکەوتنی لەگەڵ ڕۆژنامەی " یەنی شەفەقی" تورکی، کە لە سایتی ئینترنێتی یەکگرتووی ئیسلامی دانراوە، دەڵێ: {لە ڕاستیدا بزاڤەکەی ئێمە شێوەیەکی ڕێکخستنی برایانی موسلمانە و ڕەگ و ڕیشەیشی بۆ سالأنی 1950 دەگەڕێتەوە. دوای ئەوەی فیکری برایان گەیشتە ئێراق ، وورردە وورردە بە ئێمەش گەیشت} وە لە شوێنێکی تر لە هەمان چاوپێکەوتن دەڵێ: {من 30 ساڵە لە نێو بزافی ئیسلامی پێگەیشتوم و ئێمە سوود لە هەموو ئەو کەسانە وەردەگرین کە ڕۆڵی هەبێ لە بزافی ڕابوونی ئیسلامیدا }

2 . مەلا عەلی باپیر ڕابەری "کۆمەڵی ئیسلامی کوردستان" لە چاو پێکەوتنێکی لەگەڵ گۆڤاری "هەرێم"ی ژمارە (345)دەڵی:(من لە سەرەتای تەمەنمەوە، وات هەر لەو کاتەی کە خۆم ناسیوە و شارەزاییەکم لە دین پەیداکرد وەکو دینداری شەخسی، پێش ئەوەی بیر لە خەڵک بکەمەوە، لەبیری ئەوەدا بووم چۆن بەپێی ئەو عەقیدەو تێڕوانینە ئیسلامیەی کە من وەرمگرت ، وابکەم وردە وردەو پلە بە پلە خوا لە خۆم ڕازی بکەم و چۆن دینداری و موسلمانێتی بکەم. دوایی وردە وردە تێگەیشتنم لە ئیسلام قوڵترو فراوانتربوو ، دیارە بە پلەی یەکەم لەبەر ڕۆشنایی قورئان و سوننەت ،پاشان لەبەر ڕۆشنایی کتێب و بەرهەمی زانایان ،ئەو ڕاستیەم بۆ دەرکەوت کە ئیسلام وەک چۆن داوای پابەندی شەخسی لە مرۆڤ دەکات کە لەزاتی خۆیدا بە دینەوە پابەندبێ، داوای پابەندی کۆمەڵیشی لێدەکات ، واتا بۆم دەرکەوت ئیسلام وەک چۆن کۆمەڵێک ئەرکی تێدایە ، بە ئینسان وەک تاک لە خودی خۆیدا خێبەجێ دەکرێ ، وەکو ئیمان ،عەقیدەوعیباداتی شەخسی ،خۆپاراستن لەگوناح و چاکەکاری شەخسی و خۆڕازاندنەوە بە سیفاتی باش کە ئەوانە بە تاک جێبەجێ دەکرێن ، وێرای ئەوەش کۆمەڵێک ئەرک وفەرمانیش هەن کە بەئینسانێک جێبەجێ دەکرێن، لە کاتێکدا تاکێک دەبێ لە کۆمەڵێکداو دەبێ هەموو بەیەکەوە دەسبا بۆ



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

یەکتربگرن ، یانی هەر لە سەرەتاوە ئەو حەقیقەتەم بۆ دەرکەوت و ئەوەش پالی پێوەنام کە لە بیری ئەوەدا بم رێکخراوێکی ئیسلامی بنیات بنێم). لێرەدا مەلا عەلی باپیر زۆر بە ڕاشکاوی باسی ئەوە دەکا کە لە منداڵیەوە کێشەی نەتەوەیی مەسەلە و غەمی ئەو نەبووە و لە هەمان کاتدا ئەوەی پاڵی پێوە ناوە ڕێکخراوێکی ئیسلامیش دروست بکات مەسەلەی نەتەوایەتی نەبووە، بەڵکو حەقیقەتێک کە ئەو دۆزیویەتیەوە و پێویستی بە بنیاتنانی رێکخراوێکی سیاسی بووە کەمرەنگ و نائیسلامی بوونی کۆمەڵگای کوردستان بووە.

**تێبینی:**

ئەم نووسینە پێشتر بە چوار بەش بڵاوکراوەتەوە بەڵام پێویستە ئەوە بڵێم کە چەندی ئاڵوگۆری پێویستم لە تێکستەکان کردووە کە ڕەنگە جیاوازی هەبێ لەوەی تا ئێستا بڵاوکراوەتەوە . .

http://www.pukmedia.com/peshhat/peshhat.htm



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com